سەرۆک وەزیران سەرکایەتی کەبوونەوەی لیژنەی باڵای نوێکردنەوەی دەزگای حکومەت دەکات

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ دووشەممە سەرکایەتی یەکەم کەبوونەوەی لیژنەی باڵای دووبارە پێکهێنانەوەی دەزگای حکومەتی کرد.

نوسینگەی راگەیاندی سەرۆک وەزیران لە بەیاننامەیەکدا باویکردەوە:-لە میانی کەبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتانە کرا کە لەچوارچێوەی کارنامەکەدا بوون، و جەخت کرایەوە لەسەر بەردەوامبوون لە ئەو چاکسازییانەی کە لەلایەن حکومەتەوە ئەنجام دەدرێت لە لایەنە ئیداری و دارایی و ئابووریەکاندا بەشێوەیەکی یەکسان، کە یەکێکە لە گرنگترین ئەولەویەتەکانی بەرنامەی حکومەت.

هەر لە کەبوونەوەکەدا ئەو تەوانینە دیاری کرا کە حکومەت بەپێی دەست دەکات بە ئەرکی خێی بە چاکسازی لە دەزگای حکومەت و قەناغەکانی کارکردنی تایبەت بە پرسەی چاکسازی و توێژینەوە لە داواکردنی یارمەتی لە کەمپانیایەکی نێودەوڵەتی تایبەتمەند لەم بوارەدا، هەروەها جەخت کرایەوە لەسەر پێکهێنانی تیمێکی بچووک بە لێکۆڵینەوە لەو پێشانەی کە لە کەبوونەوەی داهاتوودا گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت و بڕدەوامبوونی کەبوونەوەکان لەم بارەیەوە.